**<u>دیمانەی (Todays Zaman)ی تورکی</u>**

**لەگەڵ روناکبیری کورد ئومێد فیرات (*): تورکیا پێویستە ددان بە ئیدارەی کوردی دابنێ**

**YONCA POYRAZ DOĞAN سازیکردووە و لە 10/29 بڵاوکراوەتەوە:**

**<u>سیار محەمەد ساڵح لە ئینگلیزی کردوویە بەکوردی</u>**

**پرسیار: ئەگەر تورکیا بچتە ناو عێراق، چ روو دەدا؟**

ئەگەر تورکیا بچتە ناو عێراق دەبێ لەگەڵ دوو ئەکتەردا مامەڵە بکا: ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری کوردی کە لە سایەی دەستووردا پێکهاتووەو، یەکەکانی پێشمەرگەی سەر بەو ئیدارەیە. پێشمەرگە بەشێکە لە سوپای عێراق، لەوما کێشە لەگەڵ پێشمەرگە، بە ئۆتۆماتیکی واتە شەڕێکی ئاشکرا لەگەڵ عێراق، ئەمەش بەناچاری ئەگەری روبەرووبوونەوە لەگەڵ ئەمریکا دێنێتە ئاراوە. ئەمەش هەموو لە کۆتادا وازهێنانی تورکیا لە سیاسەتی نێونەتەوەیی شەش دەیەی خۆی، لێدەکەوێتەوە.

**پرسیار: بەڵام پەکەکە، ناوچەکەی کردووە بەماڵی خۆی؟**

بازنەی راستەقینەی نفووزی پەکەکە ناو تورکیایە، ئەگەر تورکیا چارەسەرێك بخوازێ، دەبێ لەناو وڵاتدا رێوشوێن پێڕەو بکا. ئەوانەی لە چیای قەندیل لە باکووری عێراق دانیشتوون لە رێگەی تورکیاوە چوونەتە ئەوێ و لەوێوە دەگەڕێنەوە ناوهەمان خاك (ناو تورکیا). تورکیا ناکارێ لەناو عێراق بە مایەی خۆتێکردنی سەربازی هیچ شتێ چارەبکات.

ئەگەر تورکیا ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەس پێ بکا، ئەوا پەکەکە ئامانجی خۆی دەپێکێ کە دەیەوێ تورکیا رابکێشێتە ناو باکووری عێراق. ئاسان نییە ئۆپەراسیۆنێکی سنووربەزێن بکرێ وەکو بەشێك لە شەڕێکی توندوتۆڵ لە دژی تیرۆریزم. بێ لەوانەش، گریمانەیەکی گشتی هەیە کە شەڕ دژی تیرۆریزم، بە هێزە تایبەتەکان دەکرێ نەك بە یەکەکانی سوپای نیزامی. لەتەك ئەوەشدا، بۆ ئۆپەراسیۆنێکی واش دژی تیرۆریزم (تا سەربکەوێ)، رەزامەندیی ئەو وڵاتەی کە ئۆپەراسیۆنەکەی تێدا بەڕێوە دەچێ، پێویستە. دەنا، تورکیا دەبێ بە پەلاماردەر.

وێڕای ئەوەی کە سوپا و حکوومەت، ئۆپەراسیۆنێکی سنووربەزێن وەکو پرسێکی تەناهیی ناوەخۆ دەبینن، لێ ئەم کارە راگەیاندنی شەڕە بەپێی قانوونی نێودەوڵەتی. لە باری وادا، بۆت ناکرێ بە نەیاری خۆت بڵێی رێکخراوێکی تیرۆریست، کاتێ کە بووە بە تەرەفی تری شەڕەکە. لە شەڕو شۆڕێکی لەگینی ئاوادا، رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئاماژە بۆ رێکخراوە تیرۆریستەکە دەکەن وەکو لایەنێکی شەڕڤان. لەو رەوشەدا، داوای ئاگربڕ و جێبەجێکردنی حوکم و رەچاوکردنی بنەماکانی رێککەوتننامەکانی جنێڤی لێ دەکەن.

**پرسیار: پێت وانییە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی رۆڵێکی دەبێ لە رێگەگرتن لە هێرش و پەلاماری تری پەکەکە؟**

تاکە سوودی ئۆپەراسیۆن، ساغبوونەوەی باڵادەستیی سوپای تورکیایە. لەتەك ئەوەدا، ئەوە روونە کە هیچ کێشەو گرفتێکی کۆمەلایەتی لە رێگەی میتۆدو رێوشوێنی سەربازییەوە چارە نابێ. هەوڵدان بۆ زێتر خۆتاقیکردنەوە، هەم گرانبەهاو هەم ریسك و

مەترسی تێدایە. من دەمەوێ جەخت لەوە بکەمەوە کە کەشوهەوای کوشت و بڕو کۆتایهێنـان بـە ژیـان لـەو ناوچـەیە هاتۆتـەئارا، پێویستە هەوڵ و تەقەلا بەخت بکرێ بۆ گۆڕانکارییەك کە ئاساییکردنەوە دابین بکا.

لەوەش پتر، لەشکرکێشی سەربازیی تورکیا بۆ ناو باکووری عێراق لەوانەیە کورد لە ناوچـەکە لـە پەکەکـە دووربخاتـەوە، کەچـی دەبێ بەهۆی بەهێزبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان (KDP )ی بارزانی. تورکیـا پێویـستە لەسـەر چارەسـەرکردنی کێـشەی کورد سوور بێ، ئەگەر بەراست بیەوێ تیرۆریزمی پەکەکە لەناو ببات. تورکیایەك لەکاتی خۆیدا بەڵێنی چارەسـەرکردنی کێـشەی کورد بدا، چانسی سەرکەوتنی بەسەر کۆسپ و تەگەرەکاندا هەیە.

**پرسیار: چ جیاوازییەك لەنێوان ڕووداوەکەی بەیتوشەباب و ئەوەی داغلیجادا هەیە؟**

ئەم دووانە هیچ لێکناچن. لە بەیتوشەباب، قوربانییەکان جۆگەی ئاویان هەڵدەبەستا بـۆ گوندەکـەی خۆیـان. ئـەوان لـە ڕێگـەی گەڕانەوەیان بۆ ماڵە خۆ، بۆ فتارکردن کوژران. من چم پێ ناکرێ، بەڵام وەبـیرم دێتـەوە قەسـابخانەیەکی هاوشـێوە لـە سـاڵی 1996 لە شەرناخ-گوچلوکوناك ڕوویدا. لەو قەسابخانەیەدا، 11 گوندی، کە هەندێکیان پاسەوانی گوند (قوروچی) بوون، بە زۆر لەمینی پاس دابەزێنران و لەجێدا کوژران. تیرۆریستەکان، تەرمەکانیان سوتاند، وێڕای ئەوە، ناسنامە (تەسکەرە)کانیان سـاغ و سەلامەت، هیچیان لێ نەهاتبوو. دەسەڵات، ڕۆژنامەنووسانیان بردە جێیەکە، لێ لێنەگەڕان قسە لەگەڵ خەڵکی خۆجێ بکـەن، کە لەگەڵ هێزەکانی ئاسایش هاوڕا نـەبوون کـە کـێ ئـەو کوشـتو بـڕەی کـردووە. ئـەوان (خـەڵکی ناوچـەکە) پێـانوابوو ئـەو قەسابخانەیە دەستی هەندێ یەکەی دەوڵەتی تێدایە.

**پرسیار: تۆ باوەڕت وایە قەسابخانەکەی بەیتوشەباب هەندێ هێزی نهێنی و شاراوەی ناو دەوڵەت کردوویانە؟**

ئێمە بەتاقیکردنەوەی خۆمان دەزانین لەسەرێنی چییەوە باوەڕ بە قـسەو ئاخاوتنـە ڕەسمییـەکان بکـەین، چـونکە پێـشتر ڕووداو و کاری لەو جۆرە کراوە. هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە کە ببینین "کوڕە باشەکان" دوو مانگ بەر لە ئێستا لـە پـشت ڕووداوەکـەی شەمدینان بن. لەڕاستیدا، ئەو دەرەنجامەی کە دەمەوێ لێرە وەدەستی بێنم، ئەز ناکارم ئەو لایەنە دەست نیـشان بکـەم کـە ئـەو پێشهاتانەی کردوون- ئەوە بەهیچ جۆرێ، شتێك نییە من بتوانم بیکەم. لێ بۆچی ئەو ڕووداوانە لـە ڕێگـەی لێوەکـۆڵینی ڕەسمـی ساغ ناکرێنەوە؟ بۆچی ئەو خەڵکانەی ئەو ڕووداوانە دەخەنە ژێر پرسیارەوە، ئاگادار دەکرێنەوە یان هەڕەشەیان لێدەکرێ؟ بۆچـی تورکیا پێ لەسەر ئەم سیاسەتە دادەگرێ؟

**پرسیار: تۆ پێتوایە ئەو "کوڕە باشانە" دەبێ کێ بن؟**

ئەو هێزانەی لە لایەن ئەو "کوڕە باشانە"وە ڕێکخراون لەوانەیە خەڵکی پێشووی پەکەکـە و پاسـەوانانی گونـد بـن کـە بـەهێزتر بوونەو بوونەتە دەستەو تاقمێك کە هەڕەشـە لـە کۆمەڵگـە بکـەن. دەکـرێ بیرۆکەیـەك لـەو بـارەوە گەڵاڵـە بکـرێ بـەهۆی ئـەو دۆکیومێنتانەی خرانە بەردەم دادگاکان و یاداشتنامە و دیمانەکانی پیاوە خانەنشینەکانی سوپاوە. لە ژینگەی ئێستای زەبـروزەنگ و کێشەو شەڕو کوشتاردا، هیچ کەسێك نییە بپرسێ بۆچی ئەم وڵاتە سوپایەکی هەرە گەورەی هەیە لە جیهاندا. لەکاتێکدا هەندێك کەس بەلەبەرچاوگرتنی ئەنجامەکانی ژینگەی زاڵی زەبروزەنگ، حیسابات بۆ زێدەکردنی نفووزی سـوپا لـە سیاسـەتدا دەکـەن، خەڵکی دیش بەهۆی بوونی پەکەکە لە ناوچەکە، بەدوای دەرفەتێکدا دەگـەڕێن بـۆ دامەزرانـدنی دەسـەڵاتێکی ڕەهـا لەهـەمان ژینگەدا. ڕێکخراوێك کە مەبەست و نیازی بوونی خۆی لە شەڕو کێشەی چەکداریدا ببینێتەوە لەوانەیە مانـەوەی سیاسـی خـۆی لـە هێشتنەوەو بوونی ژینگەیەکەدا ببینێتەوە کە لەگەڵ ئەو ئامانجەی تێکبکاتەوە.

**پرسیار: ئەی تۆ چی دەڵێی لەبارەی ڕووداوی داغلیجاوە؟**

ئەو یەکە سەربازییەی لە ئۆرەمار (داغلیجا) پەلامار درا، بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەوێ بوو، شەڕوانەکانی پەکەکە، بەهۆی زانیاریی ئیستخباراتی لەسەر بوونی ئەو یەکە سەربازییە لەو جێگەیە کاریان کردووەو، ئەو پەلامارەیان ئەنجامداوە. هێزەکانی تورکیا هەمان شت دەکەن ئەگەر زانیاریی ئیستخباراتی هاوشێوەیان هەبێ. ئەوە، ئەگەر شەڕو شۆڕ لە ئارادابێ، شتێکی حەتمییە کە یەکێ لە دوو لایەنی شەڕەکە زیانی بەرچاوی لێ دەکەوێ. بۆ نموونە، چەند ڕۆژێك بەر لە ڕووداوی بەیتوشەباب، 9 شەڕوانی پەکەکە لە پێکدادانێکدا کوژران. من دەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە ئەوە کەشوهەوای قانوونی کوشت و بڕە، پێویستە بزاو بۆ گۆڕینی ئەوە بکرێ.

پرسیار: چ دەتوانرێ بکرێ؟

ئەو پەرەسەندنانەی پاش ڕوخانی سەدام کە دوابەدوای داگیرکاریی ئەمریکی لە 2003 هاتوونەتە ئاراوە، زیانیان بە "سەقامگیریی"ی سیاسەتەکانی تورکیا گەیاندووە بۆ پاراستنی باری ئارا لە ناوچەکەدا. ڕەوشی تازە لە عێراقدا لە لایەن ئەکتەرەکانی باری ئارای تورکیاوە وەکو هەڕەشە چاوی لێ دەکرێ. ئەو ئەکتەرانە بارو ڕەوشی نوێی کاروبارەکانیان پێ قبوڵ ناکرێ. پێویستە تورکیا واز لە سیاسەتی بەلاوەنانی قەوارەیەك بهێنێ کە بەپێی قانوونی عێراقی  و دەستوور دروست بووەو لە جیاتی ئەوە پێویستە لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکانی قانوونی نێودەوڵەتی دانی پێدا بێ وەکو هەر شتێکی دە کە لەکایەی پەرەسەندنە ناوخۆییەکانی عێراقەوە سەریان هەڵداوە. پێویستە ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری کوردی لە باکووری عێراق وەکو دۆستێك چاو لێ بکا. ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ کۆتاییهێنان بەو بارگرژییەی ئێستا- دەوڵەتێکی دۆست پشتەوانی لەکاری دژمنکارانە ناکات.

گرژی نانەوەی زێتر یارمەتی چارەسەرکردنی کێشەکە نادا، تەواو بەپێچەوانەوە، کێشەکە تۆخترو تەشەنەسەندووتر دەکا. پێویستە ڕاستەوخۆ و دەرحاز، ڕێوشوێنی کارا بگیرێتەبەر بەر لەوەی ڕووداوی تری هاوشێوەی بەیتوشەباب بقەومێ. باکووری عێراق پێویستیی بە ئاشتی، بەسنوورێکی بەهێز و جێگیر لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا هەیە.

لێ  خیتابی بارزانی و تاڵەبانی لە دیدی تورکیاوە، کارو کردەی ئاشتیخوازانەی تێدا بەستە نییە.

لە ماوەو کاتی ئاوا هەستیارو ناسکدا، تەنانەت کارو کردەیەکی ئاساییش، لەوانەیە بکەوتە دەرەوەی عەقڵ و مەنتیقەوە. سەیر کەن سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سەرەکی لە تورکیا نەتەوەی تورك دەوروژێنێ کە کاردانەوەیەکی بەهێز نیشانبدەن و بارزانیش ئاخاوتنی وروژێنەرانە دەدا (ئەمە لە ڕاستییەوە دوورە- وەرگێڕ)، ئەمە تەنیا ئەو کاتە نۆرماڵ و ئاساییە ئەگەر هاووڵاتی ڕێکوپێکی وڵات بەگوێرەی غەریزەو خولیای بنەرەتیی خۆیان کار بکەن لە جیاتی عەقڵ. ئەم تێبینی و ئاخاوتنانە وەکو باوە، ڕووی دەمیان لە هەست و نەستی هەڵچووی جەماوەرە، ئەوە نابتە سیاسەتێکی هەمیشەیی. بۆ خۆشبەختی، کار و وشەی عاقڵمەندانە وردە-وردە جێگەی پێشێلکردنی سەرەتایی دەگرنەوە.

پرسیار: تۆ لەبارەی ڕۆڵی پەرلەمەنتارەکانی (دی تە پە) سەبارەت هەندێ پرسی زیندەگی چ دەڵێی، بەتایبەتی سەبارەت بە بەرهەڵدانی ئەو سەربازانەی پەکەکە گرتوونی؟

ئەوان ناتوانن هیچ شتێك لە خۆیانەوە بکەن. ئەگەر پەکەکە هێمایەکی وا بکا کە هەشت بارمتەکە ڕادەستی پەرلەمەنتارەکانی (دی تە پە) دەکاتەوە، لەو کاتەدا  لەوانەیە ئەوان بچنە ناو ئەو پرۆسەیەوە. لێ ئێستا وێناچێ ڕۆڵێکی وا بگێڕن کە بڕیار لە بارەی کارەکانی پەکەکەوە بدەن.

پرسیار: چ دەقەومێ ئەگەر پەرلەمەنتارەکانی (دی تە پە)، دانیان بەوەدانا کە پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆریستە؟

هیچ ناقەومێ. با بڵێین واشیان کرد. داخوا هێزو توانای پەکەکە کەم دەبێتەوە؟ نەخێر، بەپێچەوانەوە، هێزو دەسەڵاتی پەرلەمانتەرەکانی (دی تە پە) کەم دەبێتەوە، چونکە ئەو پەرلەمەنتارانە لە لایەن ئەو کەسانەوە هەڵبژێردراون کە هەودار یان سەر بە پەکەکەن. پەرلەمەنتارەکانی (دی تە پە) پێویستە داوا و تێروانین و دیدی سیاسیی خۆیان روون بکەنەوە. پەرلەمەنتارەکان بۆ ئەوەی لەناو حزبەکەدا قسەیان بڕوا دەبێ لە پەکەکە دوور بکەنەوە. بەهەرحاڵ، ئەوان درک بەوە دەکەن کە چۆن ناوزەد کراون. ئێستا وێدەچێ پێیان نەکرێ هەڵوێستێکی راست وەربگرن و خەڵکی میانەڕۆ رابکێشن، بەتایبەتی لەنێو ئەو پەرەسەندنانەی دواییدا.

پرسیار: کەواتە تۆ دەڵێی پەرلەمەنتارەکانی (دی تە پە) ناتوانن کایەیەکی سەربەخۆیان هەبێ؟

لەدوای هەڵبژاردنی 2004-ەوە، عەبدوڵڵا ئۆجالان (سەرکردەی زیندانیکراوی پەکەکە) هێمای دەستکردن بە دامەزراندنی پارتێکی نوێی دا، چونکە ئەو لە سیاسەتی سەربەخۆی (دەهەپ) دەترسا و فەرمانی دا حزبێکی نوێ دروست بکرێ و ناوی (دە تەپ)ی لێ بنرێ. من پێموانییە (دە تە پە) بە موخاتەب وەربگیرێ –دوور لە پەکەکە- بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا. هەروا من پێموانییە حکوومەتی تورکیا پێویستی بە موخاتەبێکی ئاوا هەبێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد تا ئەو دەمەی بڵێ ئەمە کێشەی تورکیایە.

(*) ئومێد فیرات: نووسەر و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (سەربەستی)یە کە گۆڤارێکی سیاسیی کوردییەو بە زمانی تورکی لە ئەستەنبوڵ دەردەچێ، هەروا وتار بۆ رۆژنامەی (زەمان) و (رادیکاڵ)ی تورکی و سایتی ئیلیکترۆنی هەواڵی (بیانەت) دەنووسێ. ئومێد لە بنەڕەتدا خەڵکی بینگۆل-ە و کتێبخانەی لە ئەنقەرە هەبووە لە نێوان 1973-1979 تا ئەو دەمەی بۆ ماوەی چوار ساڵ خرایە زیندانەوە لە لایەن رژێمی سەرکوتکەری کودەتای سەربازیی 12ی سێپتێمبەری 1982ەوە . لە ساڵی 1989-ەوە لە ئەستەنبوڵ دادەنیشێ، دەوری چالاکانەی هەبووە لە دامەزراندنی چەندین کۆڕو کۆمەڵەی کوردیدا، لەوانە کۆمەڵەی هاووڵاتیانی هیلسینکی و دەسپێشخەریی روناکبیرانی کورد، کە کۆنفرانسێکی بەرچاوی بۆ سازکراو تورکیا بۆ یەکەمین جار رێگەی دا ناوێکی کوردی هەبێ. "پێویستییەکانی دانان بە واقیعییەتی کوردی". لە سەرەتای نۆهەتەکاندا، چالاکانە لەگەڵ (جەم بوینەر)ی بزووتنەوەی دیموکراسیی نوێ کاری کرد، کە دواتر بووە حزبێکی سیاسی. هەروا لە ساڵی 2004-ەوە چالاکانە دەستی دایە هەڵمەتی ئیمزاکۆکردنەوە لە تورکیا بۆ ئەو دەقە (کورد لە تورکیا چیان دەوێ؟)" کە هیرالد تریبۆنی نێودەوڵەتی، لۆمۆند و Frankfurter Allgemeine Zeitung چاپ و بڵاویان کردەوە.